**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٤٨**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/١٢/١٠**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و، ماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، لەسەر ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە(٥٥)ی رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٩) یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییەتەش كە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٤٨ )ی ساڵی/٢٠٠٤**
**یاسای شەشەم هەمواركردنی یاسای ژمارە( ٣ )ی هەمواركراوی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی**
**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عیراق**

**ماددەی یەكەم :**

ماددەی نۆ لەو یاسایە هەمواردەكرێ: برگە(ج)ی لە كۆتاییدا دەخرێتەسەرو، وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

ج–دەشێ لە ئەنجومەنی وەزیراندا، وەزیرێ، یان لە وەزیرێك پتر، لە نووسینگەی سەرەك وەزیراندا هەبن.

**ماددەی دووەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەركارو، لە (وەقایعی كوردستان) دا بڵاو دەكرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عیراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com